سەرکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری پێشوازی لە باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکات



ئەڤ پێنجشەمە، دادوەر فایق زێدان سەرکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری و ئالینا رەمانسکی باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق، باسیان لە بنەما دەستوری و یاسایەکان کرد بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی کە عێراق و ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت .

ڕاگەیاندنی دەستاتی دادوەری، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە: دادوەر فایق زێدان سەرکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، ئەمڕۆ، پێشوازی کرد لە ئالینا ڕەمانسکی باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بۆشکراوە: لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا باسیان لە بنەما دەستووری و یاسایەکان کرد بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی کە عێراق و ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت.